

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# نزیکەی 2500 ئافرەتی ئێزیدی لە ژێر دەستی داعش رزگاریان بووە و هەوڵی چارەسەرکردنی باری دەروونییان دەدرێت

**دوای ئەوەی ڕۆژی ٣-٨ ی ٢٠١٤ لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرش کرایە سەر قەزای شنگال، ژمارەیەك لە کچان و ئافرەتانی ئێزیدی لەلایەن ئەو گرووپە تیرۆریستییەوە رفێندران، کە بە پتر لە شەش هەزار کەس مەزندە دەکرێن. بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکانیش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری نزیکەی ٢٥٠٠ هاوولاتی ئێزیدی ژێر دەستی داعش رزگاریان بووە، لە ئێستاشدا هەوڵی چارەسەرکردنی باری دەروونییان دەدرێت.**





**بەپێی دوایین ئامارەکان ٥٨٣٨ کەس لەلایەن داعش رفێندراون، تائێستاش ١٩٨٦ کەس لە دەستی داعش رزگار کراون، کە بریتین لە: ٧٥٧ ئافرەت و ٣٠٠ پیاو و ٤٥٦ کچ و ٤٧٣ کوڕ**

**باری دەروونیی ئافرەتانی رزگاربووی دەستی داعش بارودۆخێکی خراپ و ناجێگیرە بە هۆی ئەو زنجیرە هێدمە دەروونییەی کە بۆیان هاتۆتەپێش، کە بریتین لە رفاندن و هەتککردن و دووری لە کەسوکار و هەڕەشەی کوشتن و ...تاد**

**پێویستەهەرچی زووە لەپاڵ چارەسەری جەستەیی بۆ ئافرەتانی رزگاربووی لە دەستی تیرۆریستانی داعش چارەسەری دەروونیشیان بۆ بکرێت، چونکە باری دەروونی ئەو قوربانیانە کاریگەری نەرێنی لەسەر خۆیان و خێزانەکانیشیان دروست دەکات و وادەکات نەتوانن لەناو خێزانەکەشیاندا رۆڵی خۆیان بگێڕن**

خەیری بوزانـی بەڕێوەبەری گشـتی کاروبـاری ئێزدییەکان لــە وەزراەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردســتان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤــاری گوڵان، ئاماژەی بەوە کرد کە «بەپێی دوایین ئامارەکان ٥٨٣٨ کەس لەلایەن داعش رفێندراون، تائێستاش ١٩٨٦ کەس لە دەســتی داعــش رزگار کراون، کە بریتین لە: ٧٥٧ ئافرەت و ٣٠٠ پیاو و ٤٥٦ کچ و ٤٧٣ کوڕ»، وتیشی: «لە ئێستادا بارودۆخــی ئافرەتە ئێزیدییەکان زۆر خراپە و لە رەوشــێکی نادیار گوزەران دەکەن»، ئەوەشــی خســتەڕوو کە «بەپێی رێککەوتنێکی حکومەتی هەرێم و ئەڵمانیا بڕیارە ژمارەیەك لە رزگاربووانی دەستی داعش بە مەبەســتی چارەسەری جەســتەیی و دەروونی رەوانەی وڵاتی ئەڵمانیا بکرێن، وابڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ نزیکەی ١٠٠٠ کەس رەوانە بکرێن، کە ماوەی دوو ســاڵ دەمێننەوە و دواتر بڕیاری مانەوە و گەڕانەوەیان لە دەســتی خۆیاندا دەبێت، ئەگەر نەگەڕانەوە خێزانەکانیشیان رەوانەی ئەو وڵاتە دەکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش بڕی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ تەرخانکراوە».

خەیــری بوزانی لە درێژەی قســەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «ئێزیدییەکان بە گشــتی دوای ئاوارەبوونیــان لەژێر خێوەت و لە کەمپــەکان ژیانێکی ســەخت و پڕ لە موعانات بەســەر دەبەن»، ســەبارەت بە چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەشیان وتی: «بۆ بە دیکۆمێنت کردنی کارەســاتی شــەنگال هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لیژنەیەکمان دروســت کردووە کە لە ئێستادا (٣٨) کەس کاری تێدا دەکات، پێنج فۆرممان دروســت کردووە یەکێك بۆ ونبووەکان، یەکێك بۆ شــەهیدەکان، یەکێك بۆ ئەوانەی مردوون، فۆرمێك بۆ ئەوانەی ڕفێنــدراون، یەکێکیش تایبەت بە ئاوارەکان کە هەموو زانیارییەکیان تێدایــە، لە ئێستاشــدا حکومەتی عێراق لە هەوڵــی ئەوەدایە کە مووچەیەك بۆ ئافرەتانی رزگاربووی دەستی داعش ببڕێتەوە، بەڵام بڕی ئەو مووچەیە تائێستا نەزانراوە.»

لــە لای خۆیــەوە محەمەد گۆمەشــینی وتەبێژی دەســتەی باڵای مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردســتان، ســەبارەت بە دۆخی هاووڵاتییانــی ئێزیدی رەخنەی لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان گرت و وتی: «لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی کارەساتی شنگالەوە جەختمان لەسەر بەدەنگەوەهاتنی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردۆتەوە، لەگەڵ دەســتپێکی ڕووداوەکاندا پێوەندیمان بە نوێنــەری هەموو رێکخراوە جیهانییەکانــەوە کرد بۆ ئــەوەی هاوکارمان بن لــە ڕزگارکردنی ئــافــرەتان، بەڵام ئەوان زۆر بەشێوەیەکی کەمتەرخەمانە هاتوونەتە پێشەوە، لە حاڵێکدا پێویست بوو هەوڵەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی بەرامبەر بەو کارەســاتەی داعش بەســەر ئێزیدییەکانی هێنا، ئەرکیان تەنیا دەرکردنی بەیاننامە و ئیدانەکردن نەبێت، بەڵکو بێنە ســەرهێڵ و بەشــێوەیەکی گشــتی کار بکەن، بەتایبەتی ئەو رێکخراوانەی کە خەڵکی پســپۆڕیان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە و خەڵکی شــارەزایان لە ڕزگارکردنی بارمتە هەیە، پێویســتە هەموو هەولێك بخەنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان».

گۆمەشــینی زیاتر وتی: «پێموایە نەك ئێمە وەکو دەستە، بەڵکو بە شــێوەیەکی گشتی هیچی وا نەکراوە بۆ ئەو ئافرەتانەی ئێزیدی و بەشــێکی زۆر لەوانە کــە رزگاریان دەبێت و دێنــەوە دواتر وەك خەڵکی تــر دەیانبەنەوە ناو کەمپەکان و هیــچ موراعاتێکی باری دەروونییان ناکرێت و ئەوان لە بارودۆخێکی نا ئاسایی دەژین، ئێمەش بــەردەوام رەخنەمان لەو کەمتەرخەمییانە گرتووە، چونکە پێویســتە ئەو ئافرەتانە پیش هەموو شــتێك لە شوێنێکی تایبەت داڵدە بدرێن و رەچاوی بارودۆخــی تایبەتیی ژیانیان بکرێــت، ئەوەش ئەرکی حکومەت و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانە.»

د. ئومێد قادر پســپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، هەر سەبارەت بە هەمان پرس لە دەســتپێکی قســەکانیدا باســی ئەوەی کرد کە «باری دەروونیی ئافرەتانی رزگاربووی دەستی داعش بارودۆخێکی خــراپ و ناجێگیرە بە هــۆی ئەو زنجیرە هێدمــە دەروونییەی کە بۆیان هاتۆتەپێش، کــە بریتین لە رفاندن و هەتککردن و دووری لە کەســوکار و هەڕەشەی کوشــتن و ...تاد.» وتیشی: «ئەو ئافرەتە رفێندراوانەی کە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستدرێژی کراوەتە ســەریان، ئەو دیمەنە تاڵەی کە بینیویانە بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ وەکــو فیلمێکی ڤیدیۆیی بە بەردەوامــی دێتە بەرچاویان، ئــەوەش وادەکات بــێ تاقەت و نائومێد بــن و خۆزگە بە مەرگ بخــوازن، وێڕای هەســتکردن بە تاوان، ترس لــە دووبارە بوونەوەی کارەســاتەکە کە هەمیشــە لەگەڵیاندایە، ئەو قوربانییانە هەمیشە پرســیاری ئەوە لەخۆیان دەکەن کە بۆچی ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە ناخۆشــە بوونەتەوە؟ دوور نییە ئەو یادەوەرییــە تاڵانە بە درێژایی تەمەنیش لەگەڵیاندا بمێنێتەوە، چونکە ناتوانن بە شــێوەیەکی ئاسان گوزارشت لەو کارەساتە بکەن کە بە سەریاندا هاتووە».

ئەو دەروونناسە بە پێویستی زانی «هەرچی زووە لەپاڵ چارەسەری جەســتەیی بۆ ئافرەتانی رزگاربووی لە دەســتی تیرۆریســتانی داعش چارەسەری دەروونیشــیان بۆ بکرێت، چونکە باری دەروونی ئەو قوربانیانە کاریگەری نەرێنی لەســەر خۆیان و خێزانەکانیشیان دروست دەکات و وادەکات نەتوانن لەناو خێزانەکەشیاندا رۆڵی خۆیان بگێڕن،» وتیشــی: «چارەســەر بە هەردوو رێگــەی مەعریفی و دەرمانی دەبێت و ناکرێ قوربانییانی ئەو کارەساتە فەرامۆش بکرێن، ئــەو قوربانییانە خۆیان ئەو قەدەرەیــان هەڵنەبژاردووە، ئەوە قەزیەی تاکە کەســێك نییە، بەڵکو قەزیەی میللەتێکە، میللەتێك نەهامەتی بەســەردا هاتووە لەلایەن لایەنێکەوە کە دژایەتی ئاسایش و ئارامی هەموو دنیا دەکات، کەیسی ئەو ئافرەتانە شەرمەزاری نییە و مایەی رێز گرتن و ستایش کردنن و بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە پێویستییان بە هاوکاری هەموومان هەیە».



# هاوسەرانی گەنج لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون سوودمەند نابن

گەرچی هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی کەمدا لەڕووی وەبەرهێنان و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و کۆمەڵگەی نوێ و دابینکردنی پێشینەی خانووبەرە کاری بەرچاوی کردووەو ئاماری دەستەی گشتی وەبەرهێنانیش ئاماژە بە دروستکردنی زیاتر لە ١٧٦ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربوونی ڕێژەی کرێنشینان و نەبوونی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ چینی کەمدەرامەت، قەیرانێکی گەورەی بەتایبەتی لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیری گەنجان دروست کردووە. گۆڤاری گوڵان لە کارێکی مەیدانی و ڕوومالێکی وردی میدیایی هۆکارەکانی ئەو قەیرانە و ڕێکارەکانی چارەسەری دەخاتەڕوو.

توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵناســـان و زۆربـــەی ڕێکخراوەکانی مەدەنی و بەتایبەت مامۆســـتایانی ئایینی، زۆر جار باسی ئەوەیان کردووە کە بە هەموو شـــێوەیەك پێویستە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری ئاسانکاری بکرێت، یەکێك لە سەرەکیترین کێشەکانی بەردەم گەنجانیش لە پرۆســـەی هاوسەرگیریدا دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوونە، ئەو هاوســـەرانەش کە بەنیازن دەســـتپێکی ژیانی هاوبەشیان ببەنە ژێر ســـەقفی خانوویەك، ژمارەیـــان کەم نییە، بۆیە زۆر پێویســـتە لەو بـــوارەدا حکومەت پڕۆژەی جددی و پلانـــی بەپەلەی هەبێت. وەك ســـەرەتاش گرنگە جیاکارییەك لەنێوان پڕۆژەکانی نیشـــتەجێکردن بکرێت، بـــۆ نموونە حکومەت زەوی بۆ وەبەرهێنەران تەرخان دەکات بۆ ئەوەی کێشـــەی نیشـــتەجێ چارەســـەر بکەن، لەم حاڵەتەدا کە حکومەت ئاسانکاری دەکات، باشترە ئەو یەکەی نیشتەجێیانە بدرێتە ئەو کەســـانەی کە هاووڵاتی کوردســـتانن و فۆرمی خۆراکی ئەو شـــارەیان هەیە کە لێی نیشتەجێن، لەمەش گرنگتر ئەوەیە مادام ئەم پرۆسەیە ئەلتەرناتیڤە بۆ دابەشکردنی زەوی نیشتەجێ، ئەوا دەبێت ئەو کەسانە لەو یەکەی نیشەجێیانە سوودمەند بن، کە لەدابەشکردنی زەوی سوودمەند نەبوون، ئەمەش ڕێگە لە پرۆسەی نیشتەجێکردنی کەرتـــی تایبەت ناگرێت، لەبـــەر ئەوەی وەبەرهێـــن دەتوانێت هەم بەشێوازی موساتەحە و هەمیش بە شێوازی کڕینی زەوی پڕۆژەی خـــۆی بکات و بەنرخی ڕۆژ بیفرۆشـــێتەوە، بەڵام کاتێك حکومەت ئاســـانکاری بۆ وەبەرهێن دەکات و بە بێ بەرامبەر زەوی بۆ تەرخان دەکات و دواتر هەموو خزمەتگوزارییەکیشـــی بۆ دابین دەکات، ئەوا گرنگە ئەم ئاسانکارییە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و بۆ ئەو کەسانە بێت کە لەم ئاسانکارییانە سوودمەند نەبوون.

هەرێمی کوردســـتان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لەزۆر ڕووەوە گەشـــەی بەرچـــاوی بە خۆیەوە بینیوە، هـــاوکات ژمارەی دانیشـــتووانی لە پێنج ملیۆن کەس تێپەڕناکات و خاوەنی داهاتێکی سروشتی زۆرە.

دوای ئەوەی لە پارێزگاری هەولێر تیروپشـــك بۆ دابەشکردنی ٥٠٠٠ خانووی ناســـراو بە (گوندی کۆری) بەســـەر کەمدەرامەت و کرێنشـــینانی هەولێـــر لە دیوانی پارێـــزگای هەولێر ئەنجامدرا، ئەوەش لە ئارادایە کە پارێزگاری هەولێر لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ دەســـتەبەرکردنی زیاتر لە ١٠ هەزار خانووی دیکەی کۆری کە بە پڕۆژەی خانووی گوندی کۆری ٢ ناودەنرێت، هەروەها کۆمپانیای (IKKC) جێبەجێکاری ئەو پڕۆژانە ڕەزامەندی بۆ دروستکردنی زیاتر لە ١٠ هەزار خانووی دیکە دەربڕیوە.

گەرچـــی ئاماری دەســـتەی گشـــتی وەبەرهێنـــان ئاماژە بە دروســـتکردنی زیاتر لە ١٧٦ هەزار یەکەی نیشـــتەجێبوون دەکات، بەڵام تا ئێســـتا هـــەزاران لاو لە هەردوو ڕەگـــەز چاوەڕوانی تەنیا ژوورێکن بۆ ئەوەی ژیانی هاوبەشـــی تێدا بونیاد بنێن، لەڕاستیدا لەهەرێمی کوردستان تا ئێستا بە دروستی نازانرێت ڕێژەی گەنجان و کرێچی و ئەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە ئاستێك کە پێویستە ببنە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون چەندە، چونکە هیچ ئامارێکی فەرمی لەو بوارەدا لەبەردەســـت نییە، ئەوەی هەیـــە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە ئامادەکراوە، ئەویش ناچێتە قاڵبی ڕووپێوێکی ورد و زانستی و ڕاست و دروست.

### کێشەی نیشتەجێبوون ئامار و داتای پێویستە

ئابووریناس ڕەشـــید ســـلێمان، ڕەخنە لە نەبوونی ئـــەو ئامارانە دەگرێت و دەڵێت: «گرفتی ســـەرەکی ئێمە ئەوەیە کە هەتا ئەمڕۆ ســـەرژمێرییەکی ورد و پوخت لە هەرێمی کوردســـتان نەکراوە، بۆ ئەوەی بزانیـــن چەندە لە گەنجانمان لە تەمەنی ســـەرووی هەژدە ساڵانن کە مافی خۆیانە ببنە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون، سەیرەکە لەوەدایە لەجیاتی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ڕووپێوێکی ورد بۆ ژمارەی گەنجان ئامادەبکات و، بەشێوەیەکی فەرمی بڵاوی بکاتەوە، ڕێکخراوەکانی گەنجان ئاماری جیاجیا بڵاو دەکەنەوە، کە سەرچاوەیەکی فەرمییان نییە و پشتی پێنابەسترێت».

ئەو ئابووریناسە کێشەکە لەوەدا دەبینێت کە «وڵاتێکی گەورە بە فۆرمـــی خۆراك بەڕێوە دەچێت، کە زۆر هەڵەیە، چونکە زۆر کەس هەیە ئێســـتا لەژیاندا نەماوە، بەڵام بەپێی فۆرمی خۆراك زیندووە، ئەمە کێشەیە، ئێمە نازانین ژمارەمان چەندە، کەموکوڕی حکومەت لەوەدایە کە هەتا ئەمڕۆ ســـەرژمێری نەکـــردووە، واتا ئێمە نازانین ئەمســـاڵ ژمارەمان چەندە و ســـاڵێکی دی دەبێتە چەند، بەهۆی نەبوونی داتای پێویســـت لەبواری زیاد و کەمبوونی دانیشـــتووانی هەرێم نازانین پێویستمان بەچەند یەکەی نیشتەجێبوون هەیە».

ئەو ئابووریناســـە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆر پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی وەزارەتی کار پڕۆژەی بۆ گەنجان هەبێت و ئاماری گەنجانی بێکار هەبێت، گوتیشـــی: «ناکرێت ئێمە تەنیا داوای دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بکەین، پێویستە لەڕووی ئابوورییەوە چارەسەری ئەم گرفتە بکەین .

### سەرمایەداران زۆربەی یەکەکانی نیشتەجێبوونیان کڕیوە

ڕەشـــید سلێمان لە درێژەی قســـەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە «تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هەســـت بە بەرپرســـیارێتی ناکەن و نایانەوێت ببنە بەشـــێك لە چارەســـەر»، بۆ سەلماندنی قسەکەشی نموونەی بەوە هێناوە کە «چەندین پڕۆژەی نیشـــتەجێبوون هەبوون کەنرخەکانیان گونجاو بوو، وەك شـــاری منارە، شـــاری کامەرانی، شـــاری ئاشتی و یەك و دوو شـــاری لاوان، بەڵام هەر زوو لەلایەن خەڵکی ســـەرمایەدارەوە کڕدران و بە نرخی دوو و سێ قات بەرزتر فرۆشرا» .


ئەو ئابووریناسە ڕایوایە لەهەرێمی کوردستان بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی یاسایەکی ڕێکخراو نییە، بۆیە دەبینین زەوییەك نرخی چەندە، پاش شەش مانگ دەبێتە دوو ئەوەندە، چونکە یاسایەك نییە ڕێکی بخات و نووســـینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە بە ئارەزووی خۆیـــان نرخەکان یاری پێدەکەن و کەس ڕێگرییان لێناکات». ناوبراو زیاتـــر بابەتەکە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: «کێشـــەی نیشـــتەجێبوون لەساڵانی ڕابردوودا زۆر لەئێستا زیاتر بوو، چونکە خەڵك هەژار بوو، داهاتی تاکیش زۆر لە ئێستا کەمتر بوو، دەبێت ئەوەش بزانین، ڕاستە ئەمڕۆ داهاتی خەڵك لەجاران باشـــترە، بەڵام ئێستا هیچ ئافرەتێك لەگەڵ ماڵی خەزووری ناژی بەپێچەوانەوە ساڵانی ڕابردوو .

### نە حکومەت بەرنامەی تۆکمەی هەیە و نە کۆمەڵگەش ئامادەی چارەسەری کێشەکەیە

ڕەشـــید پێیوایە لەڕووی ئابوورییەوە زۆر ئەســـتەمە ئەم قەیرانە لەماوەیەکـــی کورتدا چارەســـەر بکرێت، چونکـــە «نە حکومەت بەرنامەی تۆکمەی هەیە و نە کۆمەڵگەش ئامادەی چارەســـەری کێشـــەکەیە»، گوتیشی: «چارەســـەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون پێویســـتی بە هەنگاوی زۆر جدی هەیە لەلایەن کۆمەڵگە و لەلای حکومەتیشـــەوە، چونکە چارەسەری کێشەکە تەنیا بە دروستکردنی

**ساڵی ڕابردوو بڕی پێنج ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دۆلار لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە شاری هەولێر لەلایەن کۆمپانیاکانەوە خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە زیاتر بایەخیان بە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون داوە**

**کۆمپانیاکان دەستیان بە دروستکردنی ڤێلا و خانووی گرانبەها کردووە و خەڵکی هەژار و هاوسەرانی گەنج سوودیان لە پڕۆژەکانیان نەبینیوە**



یەکەی نیشتەجێبوون نابێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بڕوات، ئەوا زەوی کشتوکاڵی نامێنێت و هەمووی دەبێتە خانوو، بۆ نموونە ڕێژەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی پێنج ملیۆن کەسە، خۆ ناکرێت پێنج ملیۆن خانوو دروست بکرێت، چونکە ناکرێت ژمارەی خانووەکان بە ژمارەی دانیشتووان بەرامبەر بێت، بەڵکوو دەکرێت وەك ئەوروپا سیستەم هەبێت، ئەگەر تەماشا بکەین لە ئەوروپا ڕووبەری شوقەکان لە بیست مەترەوە دەستپێدەکات و هەر کەسێك بەگوێرەی ئەو پێویستییەی کە هەیەتی، دەچێتە نێو شوقەکەیەوە، بەڵام لای ئێمە هەموو خەڵك دەیەوێت بێتە خاوەنی خانوو.

## خەڵکی هەژار و هاوسەرانی گەنج سوودیان لە پڕۆژەکان نەبینیوە

مامۆستای زانکۆ شێرکۆ محەممەد، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان ئەوەی خستەڕوو کە قۆناغە جیاکانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی لەهەرێمی کوردستان بەچەندین شێوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە بڕوای ئەو مامۆستای زانکۆیە پێویستە حکومەت کار بۆ ئەوە بکات کە گەنجان لە بنەما سەرەکییەکانی ژیان تێبگەن، بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەری کێشەکان بکەنەوەو گرنگی بە پرۆسەکانی هاوسەرگیری بدەن. گوتیشی: «هەنگاوەکانی حکومەت لە بواری نیشتەجێبوون بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، قۆناغی یەکەمیان حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر کۆمپانیایەك بهاتایە بە نرخێکی زۆر کەم و دیاریکراو یان بە خۆڕایی زەوی دەدایە، ئەمە بێجگە لەوەی کە خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاو و کارەبا و هاتوچۆشی بۆ ئەو زەوییە دابین دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانرێت کەمێك کێشە و قەیرانی نیشتەجێبوون کەم بکرێتەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا بەهیچ شێوەیەك کێشەکە چارسەر نەبوو، لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکان دەستیان بە دروستکردنی ڤێلا و خانووی گرانبەها کردو خەڵکی هەژار و هاوسەرانی گەنج سوودیان لە پڕۆژەکانیان نەبینی، ئەوە بوو قۆناغی دووەم دەستی پێکرد، لەم قۆناغەدا سندوقی نیشتەجێبوون هاتەکایەوە، کە تاڕادەیەك توانرا بەشێکی کێشەکە چارەسەر بکات، چونکە سندوقی نیشتەجێبوون بەشێکی پارەکەی دابین دەکرد.

## کەموکۆڕی هەیە نەك قەیران

مافپەروەر عومەر سەلیم ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لە هەرێمی کوردستاندا قەیرانی نیشتەجێبوون هەبێت، گوتیشی: «لە وڵاتێکدا دەتوانین بڵێین قەیرانی نیشتەجێبوون هەیە، کە خەڵك لەسەر شەقام و سەر قەبرا بژین، بەڵام لە کوردستان خەڵك شوێنێکی نیشتەجێبوونی هەیە، جا کرێچی بێت، یان موڵکی خۆی بێت».

ئەو یاساناسە ئەوەشی خستەڕوو کە هەندێك بڕیار و یاسای تایبەت بە بواری وەبەرهێنانی یەکەی نیشتەجێبوون هەن، لەوانە بڕیاری ژمارە (٤٥) لەگەڵ بڕیاری ژمارە(٤٦) کە ئەم بڕیارانە لەساڵی ٢٠٠٨دا لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەرکراوەو تایبەتە بەخەڵکی کەمدەرامەت، بڕیارەکە بریتی بوو لەهاوکاریکردنی ئەو کەسانەی یەکەی نیشتەجێبوون دەکڕن، کە نیوەی پارەکەیان بۆدابین دەکرا، بە وەرگرتنەوەی بە ماوەی دە ساڵ کە دیارترینی ئەو پڕۆژانە پڕۆژەی لاوان و پڕۆژەی ئاشتی و پڕۆژەی شاری زێڕین بوو لە هەولێر، واتە هەر هاووڵاتیەك خانوویەکی لە کۆمپانیا تۆمار بکردایە، حکومەت دوو دەفتەر و نیو پارەی بە شێوەی پێشینە دەدایە، دواتر بە قیست و بۆ ماوەی دەساڵ دەیگێڕایەوە، ئەو کەسانەش کە لەم بڕیارە سوودمەند بوون، زیاتر ئەو گەنجانە بوون کە تەمەنیان لەنێوان هەژدە تا سی ساڵ بووە، هەروەها کەسانی کەمئەندام، کەسوکاری شەهیدان، لەو پڕۆژانە سوودمەند بوون».

**دەبێت هەوڵبدرێت سیستەمی موڵکی گشتی دابنرێت، واتا ئەو کەسەی شوقە، یان خانووی دەدرێتێ، مافی فرۆشتنەوەی نەبێت و کاتێ کێشەکەی چارەسەر بوو، حکومەت لێی وەربگرێتەوە**